# ئەندام پەرلەمانە خاریجیەکانمان



رزگار کۆچەر

ئەم هەواڵەی هەولێر پۆست بخوێنەوە .............

موچـــــــــــەی ئـــــــــــەنـــــــــــدام پـــــــــــەرلـــــــــــەمانێـــــــــــك 3000 دۆلارە
هەولێرپۆست- ژمارەیەکی زۆر لە ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان کە دانیشتووی هەولێرن، بە پشتبەستن بە نازناویان کە هی دەرەوەی هەولێرە یان ئەوەتا بەوەی کە خەڵکی هەولێر نین مانگانە نیوملیۆن دینار بەناوی هـــــــــــــــــــــــــــاتوچۆوە وەردەگـــــــــــــــــــــــــــرن.
ئەندامێکی پەرلەمانی کوردستان کە نەیویست ناوی خۆی ئاشکرا بکات لە لێدوانێکدا بە هەولێر پۆستی راگەیاند کە نزیکەی 20 تا 25 ئەندامی پەرلەمانی کوردستان کە هەر هەموویان بە بەڵگەوە دانیشتووی هەولێرن و لە هیچ شوێنی دیکە ماڵیان نییە، مانگانە بڕی 500.000 دینار کە دەکاتە 330$ لە حکومەتی هەرێم بەناوی دەرماڵەی هاتوچۆوە وەردەگرن.

لە مەم لەکەتی عەجایب وعاجباتیان رۆژ لە دوای رۆژ هەواڵی سەیرو سەمەرە دەبیستین

ئەم مژدە خۆشەی هەولێر پۆست لەمەر راتبە حەیاتەکەی ئەندام پەرلەمانەکانمان ئەو راستیەیی دەرخست کەوا خەڵك بە بەلاش شەر لەسەر کورسی و بوون بە وەزیر و ئەندام پەرلەمان ناکات......ئەگەر خێرێکی نەبێت !!!!

چەند سالێکە هەندێك تەلەبەی هاوشارم خۆیان بە تەلەبەی خاریجی نوسیوە نەم دەزانی هۆیەکەی جیە دوایی بۆم دەرکەوت ئەوان نزیکەی 30 دۆلارێك لە دەرمالەی قوتابیان زیاتر وەردەگرن .....باسیان ناکەم چونکە 30 دۆلار ئیمرۆ لە کوردستان هیجی پێ نایەت بەشی دوو کارت دەکا یەك بۆ خۆیان ئەوی تر بۆ حەبیبە .......!!!!

هەقی خۆیەتی ئەندام پەرلەمانەکانیشمان ئەم رێگایە بگرنە بەر چونکە راتبە حەیاتەکەیان کەمە و بەشی دیوەخان و بەزنزین و پاسەوانەکانیان ناکات...

ئەگەر مانگانە 33 گەلا بۆ ماوەی سالێك کۆ بکەویتەوە دەبێتە 396 گەلا وە لا کەمە هەقی خۆیەتی چوار گەلاشی بێتە سەر تا دەبێتە چوار دەفتەر....ئینجا ئەوانیش خۆیان بە خاریجی ناونوس نەدەکردوو ناویشیان نەدە چوە سەر جەریدە و مەریدان ...

لە منتان کەوێ هەر هیج نیە چوار گەلا ......بە خوای نەفتە حەیاتەکەی خۆشمان بروا ئەویشتان بۆ زیاد دەکەین ....

ئەوان هەر لە خۆیانەوە ئەم هونەرە فێر نەبوونە ئاخر ئەگەر لە کونیەیی هەندێك رۆشەنبیرانیشمان بکۆلیەوە لەوانەیە پۆلیس بن و ئێستاش مانگانە بجن راتبی پۆلیساتی وەرگرن و لەبەردەم خەلکیش بە قات و ریباتێکی سولتان وەك میرو سولتانەکان خۆیان نیشان دەن !!!!!

دیار گەندەل بوونی بیرو هزری خەلك بە کشتی دەسەلات لێی بەرپرسیار نیە ئەگەر نا هەندێك رۆشەنبیرکە ناکرێت ناویان بهێنم چونکە لە هەوالەکەی هەولێر پۆست ناویان هاتوە خۆیان وەك پەپولە نیشان دەدەن ....نمونەی خۆیان دەگەێننە بەرزترین لوتکەی دەست پاکی و دلسۆزی بۆنیشتیمان کەجی بە داخەوە ئەوانیش قۆپیە جی دەرجوون ...خۆیان بە خاریجی ناو نوس کرد!!!! ئا لەوانەیە خانوێکیان لەم شارەش هەبێت کە خۆیان بە خەلکی ئەوێ ناونوس کردوە ....

ئاخر پێم نالێن کەسێك لە دانیشتنەکان پەرلەمان خەوی بێت و لە رێز گرتن بۆ شەهیدان هەلنەستێتەوە و لەدەست بەرز کردن ودەست دانانەوە دەستی هەر بەرز بێت ئەوەندە دەهێنێت تەنها بۆ 3 گەلا خۆت بە پەرلەمانتاری خاریجی ناونوس بکەیت ....

تۆکە دە سالێك دەبێت لەم شارە رەشمالت لێی هەلداوە دەبێت خۆمان لێ بکەیتە بێگانەو پێمان بلێت وەلامن خەلکی جەزیرەی واق واقم .......!!!!!!!!!!!

بەس لەبەر خاتری تەنها 3 گەلا ئەی جی بەو پێشمەرگەیە دەلێت کە تەنها راتبەکەی ناگاتە 2 گەلا و رۆژانە زیاتر لە دوو کاتژمێر لە واجب دەوەستێت و پاسەوانی لە ئۆتۆمبێلەکەی جەنابت دەکات...!!!

دیارە گەورەترین گرفت کە ئێستا روو بە رووی حکومەتی کابینەی پێنجەم دەبێتەوە راوەستانە لەبەردەم گەندەلەکان و نەهیشتنی گەندەلیە ....ئەگەر باسیش لە گەندەلی بکەین دەبێت پێش هەموو کەس لەوانە دەست پێ بکەین کە بونەتە پارچەیەك لە گەندەلی.... ئەوگەندەلانەش کە زۆربەیان لە شوێنی بەرزی دەسەلاتی هەردوو لا دەبینرێن دەبێت پێش هەموو کەس بەردەمیان بگیرێت چونکە وەك کورد دەلێت گەورە ئاو دەرژێنێ گچکەش پێی لێ دەخشێنێ ....

ئەگەر گەورەکان هەلە نەکەن بجوکەکان قەت بیر لە هەلە ناکەنەوە ...دەنا چۆن و بەچ شێوەیەك دەبێت کەسێك کە نوێنەرایەتی خەلك دەکات و دەنگی گەل دەگەێنێتە شوێنی مەبەست بۆ تەنها 3 گەلا ناسنامەوە شوێنی دانیشتنی خۆی بگۆرێت .....

لێرەش چاو تێر نەبوونی و بیرکردنەوەی ئەو کەسانە بۆ دوارۆژێکی نادیار کە ئێستا خۆیان لە نێوی دا دەبینەوە ئەوەمان نیشان دەدا ئەوان ئێستا تەنها بیر لە دەوەلەمەندبوونی خۆیان دەکەن تا ئەو کاتەی دەستیان لەئاسمان

دێتــه خــوارێ و کورســیکەی ئــەوانیش بــۆ کەســێکی تــر دەبێــت ...خــەمی میلــەتیش خــوا جارەســەری دەکات!!!!!!!!!!!!!1

دەکا دەستان خۆش بێت ئێوە بە 33 گەلا تێر نەخۆن بێجگە لە دەرمالــەی ســەفەرو ســیاحەتان و پاســاوانە بــن دیوارەکانتان پێم نالێن بەچی تێر دەخۆن .....

Rzgar77@hotmail.com